# جیاکردنەوەی سەربەستی ڕۆژنامەگەری لەسوکایەتی و نوسینی گومانلێکراوانە، وەڵامێک بۆکاک عەلی مەحمود محەمەد و گشت ئەوانەش کەوەک ئەو لەئازادی ڕۆژنامەگەری گەشتوون ... جەمال فەتاح



ماوەیەکە هەندێک کوردی کورتە باڵا لەخەباتو کوردایەتی وکورتەباڵا لەهەزرو کورتە باڵا لەنیشتمانپەروەریو گومانلێکراو وپیاوی دەسگاسیخویەکانی دوژمنانی نەتەوەی کورد لەسەر سایتە ئەلکترۆنیەکان بەگشتی ولەسەر سایتی گومانلێکراوی کوردستانپۆست بەتایبەتی کەوتوونەتە هەڵبەستنی درۆوبوختان بۆ شۆڕشگێڕانی کورد بەگشتی وبنەماڵەی خەباتگێڕی بارزانی وسەرۆک مستەفابارزانی نەمروجەنابی کاک مەسعود بارزانی بەتایبەتی.

بۆوەڵامدانەوەی کاک عەلی مەحمود محەمەد وهەمو ئەوانەش کەسیخوڕی نێودەوڵەتی وجنێوفرۆشانانیان لێگۆڕاوە بەوشەی پیرۆزی ئازادی ڕۆژنامەوانی ئەوانەی کەڕۆژانە هەتکی گشت پیرۆزیەکانی نەتەوەکەمان ئەکەن لێیان گۆڕاوە بەڕۆژنامەنوس ئەوانەی کەئازادی بیرو ڕا بە بەرەلایی تێگەشتوون لێیان گۆڕاوە بەئازادی خواز ئەوانەی کە تاکە کات ژمێرێک بۆکورد ماندوو نەبوون لێیان بووە بەخەباتگێڕ ئەوانەوی کەوشەی بازاڕی وبەر سینەماکانی سلێمانی وهەولێریان کردووە بەپێشەنگی نوسین لێیان گۆڕاوە بەداهێنەر ئەوانەی کەخەوشوخاڵی دوژمنانی نەتەوەکەمان چێنەئەکەن لێیان گۆڕاوە بەڕووناک بیر ئەوانەی کەتاکە شەوێک سەرمایان نەبووە بۆکورد لێیان گۆڕاوەبە بەپێشمەرگە.

باهەمووەمان بزانین لەجیهانی پێشکەوتن خوازی وئازادی خوازی ودیموکراسی خوازیدا کامانە نوسەرو ڕۆژنامەنوسی ڕەسەنو ڕەوان ئایا؟؟ ڕۆژنامەنوسو نوسەرانی ئەو سێ جیهانەی سەرەوە جنێو بەگشت پیرۆزیەکانی نەتەوەکەیان ئەدەن جنێو بەسەرکردە مێژوویەکانیان ئەدەن ئایا؟؟ نوسەرو ڕۆژنامەنوسانی گەلانی شۆڕشگێڕ درۆبوختان بۆڕابەرانی شۆڕشگێڕی نیشتمانەکەیان هەڵئەبەستن ئایا؟؟لەناو نوسینی کام نوسەرو رووناک بیری چینی دا هەیە کە درۆبوختان بەماوتسیتۆنگ بکات وسوکایەتی پێبکات ئایا؟؟لەنوسینی کام ڕۆژنامەنوسی ڤێتنامدا جنێو وسوکایەتی بەهۆشیمنە ئەدرێت وئەکرێت،ئایا کام نوسەری هندی هەیە سوکایەتی بەگاندی وجەواهیر لالنەهرۆ بکات ئەگەر کورد گەلێکی شۆڕشگێڕبێت مستەفا بازانی یەکێک لەسەرکردەمەزنەشۆڕشگێڕەکانیەتی کەهیچ یەک لەوسەر کردانەی کەناوم هێناون بەچارەکی مستەفا بارزانی بۆگەلو نەتەوەکانیان ماندوو نەبوون. لەکاتێکدا دکتۆر کەمال سەید قادر لەنوسینە ڕاسپێراوەکانیدا زۆر سوکایەتی بەمستەفا بارزانی نەمرئەکات؟؟!!. یان تاهیرە ڕەشی فایل فایل ڕەش ڕۆژانە سوکایەتی بەکەسایەتی بەرزی مستەفا بارزانی ئەکات یان کەمال جەمال موختار کەتاکە کاتژمێرێک خەباتی نەکردووە بۆکورد بەناوی خۆی وبەچەند ناوی مستەعارەوە ڕۆژانە سوکایەتی بەکەسایەتی مستەفا بارزانی نەمر ئەکات،لەکاتێکدا ئەگەرکوردێک هەبێت کەسایەتی تەواوبێت ئەبێت ڕێزلەسەرۆک مستەفا بارزانی بگرێت

نەک سوکایەتی پێبکات کەئەوگومانلێکراوانە ئەوە زیاتر لەدووساڵە سوکایەتی بەکەسایەت مستەفا بارزانی ئەکەن. کەچی ڕۆژێک نەلە کاک عەلی مەحمود محەمەدو نەلە هیچ کەسیترمان بیست بڵێن بەوزبڵ نوسە گومانلێکراونە کەئێوە هەڵەن ومستەفابارزانی نەمرلایکەم قودسی بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی کوردستانە سەرەڕای ئەوەی 50 ساڵ پێشمەرگەی بەئەمەکی کوردستان بووە وسەرکردەیەکی مزنی سیاسی وسەربازی کۆماری مهاباد بووەو سەرکردەی شۆڕشی دووەمی بارزان بووەوسرکردەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو کە ئەوشۆڕشە توانی بۆیەکەم جا لەمێژوی سەردەمی نەتەوەکەماندا چۆک بەداگیرکەران دابدات ودانبە بەشێکی گرنگ لەمافەنەتەواویەتیەکانی گەلەهەژارەکەماندابنێن کەئەویش بەعسیە فاشیستەکان بوو چۆکیداداو بەیانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان سەلماند.

بەپێی یاسای جیهان هەر تۆمەتبارێک بێتاوانە هەتا دادگاودادوەر بریار لەسەر تاوانەکانی نەدات بەلاَم کەمال سەیدقادری تاوانبار بەبێ هیچ دادگایەک لەسەر ماڵپەرێکی گومانلێکراوی وەکو کوردستانپۆست دابەبێ باجو بەڵگە سەرکردەیەیەکی شۆڕشگێڕی گەلەکەمانی تاوانبار کردبوو کەئێستا بەپێی یاسا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بەلاَم لەئێوەی یاساناسمان نەبیست بڵێن ئەوەهەڵەیە وئەوسەرکردەیە تاوانبار نیە چونکە دادگایەک بڕیاری لەسەر ئەوگشت درۆبووختانانەی کەمال سەیدقادر نەداوە.

بەلاَم جەنابتان لەوەئەچێت بریارتاندابێت کێ؟؟دژی سەرکردەکانی کوردبێت بەرەهایی ئازادی خوازو کورد پەروەربێت وکێش؟؟لەگەل شۆڕشوبەرژەوەندیەکانی کوردبێت تاوانبارو خۆفرۆش بێت !!؟؟.

ئەمەش بتانەوێت ونەتانەوێت هەڵەیەکی مێژوویی ئەکەن وسبەینێش لێی پەشیمان ئەبن ئەگەر وابیر لەمافو ئازادی وئازادی ڕۆژنامەوانی ورادەربرین بکەنەوە.

لەدنیای پێشکەوتنخوازدا ئەگەر کەسێک درۆوبوختانی بۆکەسایەتیەکی سیاسی یان ڕۆشنبیری ڕێک خست پێویستە لەبەردەمی دادگا ئامادەبێت وباجی کەمەر شکێنی هەڵەکانی خۆی بدات ئیتر جەنابتان ئەتانەوێ بەچی جۆرێک خەڵکی سادەو ساویلکەی کورد هەڵبخەڵەتێنن ئەم تاوانبارانەیان لێبکەن بەئازادی خوازو ئازادی ڕۆژنامەگەری. یان سیاسەتی تەسکی ئایدیایەکی دۆراو کلکی زۆرکەسی پێکەوەگرێداوەو ئەتانەوێت بەدرۆ چاوبەسکردن تێکشکانو دۆڕانی ئەوئایدیا دۆڕاووباری هەمیشەکەوتووی ئەو ئایدیا دۆڕاوە ڕاستبکەنەوە کەئەمیش دڵنیابن خەیاڵێکی دوورلەڕاستیەو هەرگیزنایەتەدی؟؟!!. .

جەنابیشتان نەلەنوسەران ورۆژنامەنوسانی کوردستان نوسەر ترو روناکبیرترن وە نەلە دادگاکانی کوردستانیش مافپەروەرترن ئیتر ئەم شێوەنە درۆینە بۆکەمال سیخوڕ لەپێناوی چیدا؟؟!!. . .

جمال فتاح
2005/10/30
لەندەن